# لە پێشزەمینەخستنی تەعریبەوە تا پەراوێزخستنی جەوهەری جینۆساید: دیسانەوە خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی بۆ تێزەکانی شێرکۆ کرمانج

ڕێبوار سیوەیلی

## پوختە

ئەم وتارە ڕەخنەییە، شیکاری بۆ ئەو تێزە ئەکادیمییە دەکات، کە تاوانی جینۆساید و کۆمەڵکوژییەکانی عێراق دادەبەزێنن بۆ ئاستی «ئامرازێک» یان هۆکارێکی لاوەکی لە خزمەت پرۆژەی «تەعریب» و گۆڕینی دیموگرافیدا. وتارەکە بە پشتبەستن بە بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی، پێوەرەکانی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بۆ یۆگۆسلاڤیای پێشوو (ICTY)، هەروەها تیۆرەکانی نیشانەناسیی گوتاری تۆتالیتار دەیسەلمێنێت، کە جینۆساید لە ڕووی «نییەت و مەبەستی تایبەتی لەناوبردن» ئامانجی ڕەها و کۆتایی ئایدۆلۆجیای ڕژێمی بەعس بووە بەرانبەر ناسنامەی نەتەوەی کورد، نەوەکوو تەنیا بەشێک لە شتێکی دیکە، یان هەر میکانیزمێکی کارگێری. هەروەها هۆشیاری دەدات لە داوی پشتبەستن بە «نیشانەناسیی جەللاد» و زاراوە دەمامکدارەکانی دەوڵەت، لەگەڵ تیشکخستنە سەر ڕەهەندە نەرم و یاساییەکانی گۆڕینی دیموگرافی لە عێراقی پاش ۲۰۰۳دا.

پەیڤە کلیلەکان: جینۆساید، تەعریب، پاکتاوی ئێتنی، سیمیۆتیکی گوتار، بەعس، یاسای نێودەوڵەتی، شێرکۆ کرمانج.

## دەستپێک و دەروازەی میتۆدی

کاتێک لەگەڵ بەرهەمە هزری و میتۆدی و مێژووییەکاندا دەکەوینە دیالۆگ و وتووێژی ئەکادیمییەوە، ئامانجی بنەڕەتی تەنیا دەستکاریی ڕووکاریی زاراوە بەکارهێنراوەکان یان جەنگێکی ڕووت لەسەر دەستەواژەکان نییە؛ بەڵکوو پاراستنی حەقیقەتی مێژوویی و بنەما یاساییەکان و ڕێگریکردنە لە شێواندنی بونیادیی تاوانە گەورەکان. کرانەوەی شێرکۆ کرمانج وەکوو پسپۆڕێکی ڕێزلێگراو بۆ وەڵامدانەوەی ڕەخنەکان و بەردەوامیدان بە دیالۆگی هزرییانە، هەنگاوێکی ئەرێنی و شایستەی ڕێزە لە ناوەندەکانی زانست و توێژینەوەدا.

شێرکۆ بە وەڵامەکەی نەوەکوو هەر ئاسۆی بیری منی فراوانتر کرد، بەڵکوو ناچاریشی کردم وردتر بیر بکەمەوە و خۆم بخەمە ڕوو. بەڵام ئەو داڕشتنەوە نوێیەی کە ناوبراو بۆ تێزەکەی دەیکات: بەوەی پرۆژەی تەعریب بخاتە پێشەوەی هاوکێشەکە و تاوانی جینۆساید و ڕاگواستن بپەڕێنێتە پاشەوە و بیانکاتە تەنیا «ئامرازێک» یان میکانیزمێکی لاوەکی لە خزمەت تەعریب دا؛ من ڕووبەڕووی کەلێنێکی هزری و یاسایی و میتۆدی و ئەخلاقیی گەورە دەکاتەوە، کە نابێت لە نووسینی ئەکادیمیی کوردی دا بێدەنگیی لێ بکرێت. ڕاستە من پسپۆڕی ئەم بوارە نیم و ڕەنگە بەهەڵەش حاڵی بووبم، بەڵام بابەتەکەش پێویستی بە بیرکردنەوەیەکی فرەڕەهەند و فرەمیتۆدی هەیە و منیش دەمەوێت لەم کەلێنەوە بەشداریی تێدا بکەم و هەندێ سەرنج بۆ هەندێک ڕەهەندی تری ئەو پرۆسە نەگریسە ڕابکێشم، کە خۆشم شایەتی کەمێک بەشی ڕوودانەکەی بووم و هەندێک بەشیشی وەکوو حەسرەت لە دڵم مایەوە کاتێک لە دوورە وڵاتی ژیانم بەسەر دەبرد.

لێرەوە گفتوگۆی چەند تەوەرێکی وەڵامنامەکەی جەنابی شێرکۆ دەکەم و هیوام وایە لە خستنەڕووی بیرۆکەکانمدا ڕوون و ڕاشکاو بم.

**دابەزاندنی جینۆساید بۆ ئاستی ئامراز**

بە تێگەیشتنی من کێشەی بنەڕەتیی تێزی شێرکۆ کرمانج لەوەدا چڕ دەبێتەوە، کە پێچەوانەکردنەوەیەکی میتۆدی و یاسایی لە پەیوەندیی نێوان "تەعریب" و "جینۆساید"دا ئەنجام دەدات. ناوبراو تاوانی هەرە باڵا و مەترسیداری یاسای نێودەوڵەتی، کە جینۆسایدە دادەبەزێنێت بۆ ئاستی ئامرازێکی تەکنیکی و کارگێڕی لە خزمەت پرۆژەیەکی دیموگرافیدا. شێرکۆ بە ڕوونی و بێ پێچوپەنا لە وتارەکەیدا، دان بەم ئاراستەیەدا دەنێت، کاتێک دەنووسێت: «هەر بۆیەشە من پێم وایە ئەنفال ئامراز بووە بۆ تەعریب، واتە تەعریب ئامانجە سەرەکییەکەیە و ئەنفال چەک و میتۆدی جێبەجێکردن بووە.» لە شوێنێکی تری هەمان نووسیندا، دیسان ئەم تێڕوانینە ئامرازییە دووپات دەکاتەوە و دەڵێت: «ئامانج دزین و زەوتکردنی خاک بووە، بەڵام میکانیزم و تەرحیل و تەهجیر و ئەنفال و جینۆساید بووە».

لە ڕووی تیۆرییەوە، ئەم دارشتنەی ناوبراو تووشی دابەزاندنی چەمکسازیی یاسایی دەبێت؛ چونکە لە یاسای نێودەوڵەتیدا تاوانی جینۆساید بە نییەتی"مەبەستی تایبەتی لەناوبردن" لە تاوانەکانی تر جیا دەکرێتەوە. کاتێک جینۆساید دادەبەزێندرێت بۆ "میکانیزم یان چەک"ێک بۆ داگیرکردنی خاک و جەوهەرە ئایدیۆلۆجی و ڕەگەزپەرستییەکەی دەوڵەت بۆ سڕینەوەی جەستەیی نەتەوەیەک کاڵ دەکرێتەوە و دەکرێتە پاشکۆیەک بۆ حیساباتی کارگێڕیی و ئابووری.

لە ڕوانگەی هزریی و یاساییەوە، کاتێک شێرکۆ تاوانێکی گەورە و بەربەریی نێودەوڵەتیی وەکوو «جینۆساید» دادەبەزێنێت بۆ پلەی «ئامرازێک» یان هۆکارێکی ئامرازیی لاوەکی لە خزمەت پرۆژەیەکی دیموگرافی یان کارگێڕیی وەکوو تەعریب دا، نەوەکوو هەر هاوکێشە مێژووییەکە پێچەوانە دەکەیتەوە، بەڵکوو لە جەوهەری تاوانەکە، قورسییە داد‌پەروەرییەکەی و ناسنامە یاساییەکەی بەتاڵی دەکەیتەوە.

لە یاسای نێودەوڵەتیدا: لە ڕێککەوتننامەی ١٩٤٨ی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕێگریکردن و سزادانی تاوانی جینۆساید، تاوەکوو دەگاتە پەیڕەوی ناوخۆی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی (ICC) جینۆساید وەکوو "تاوانی تاوانەکان" پێناسە دەکرێت. تاوانێک کە ڕەگەزی سەرەکی و بزوێنەری بنەڕەتیی تێیدا بریتییە لە شتێک، کە یاساناسان پێی دەڵێن: «مەبەست و نییەتی تایبەتی لەناوبردن». ئەم مەبەستە تایبەتە بەو مانایەیە، کە تاوانکارەکە ئامانجی ڕەها و ئایدۆلۆجی و کۆتاییی ئەوەیە جەستە و بوونی فیزیکی و بایۆلۆجیی نەتەوەیەک، یان نەژادێک، یاخود کۆمەڵەیەکی ئایینی بەتەواوی یان بەشێکی بپێکێت و لەناوی ببات.

کاتێک ئێمە لە ڕووی تیۆرییەوە بڵێین بەعس جینۆسایدی وەکوو «ئامراز» بەکارهێنا تاوەکوو بە ئامانجی باڵاتری خۆی، کە «تەعریب» بوو بگات، لە ڕاستییدا ئاراستەی تاوانەکە پەردەپۆش دەکەین. بەم لۆجیکە وا نیشان دەدرێت، کە ئەگەر دەوڵەت و ڕژێمی تۆتالیتار ڕێگەیەکی هێمنانەتر و کارگێڕییانەتر، یان کەمئازارتری لە بەردەستدا بووایە بۆ سەپاندنی ناسنامەی عەرەبی، ڕەنگە دەستی بۆ چەکی کیمیایی و زیندەبەچاڵکردن و کۆمەڵکوژیی سەدان هەزار مرۆڤ نەبردبا. ئەمە بچووککردنەوەیەکی ئاڵۆز و مەترسیداری ئاراستەی تاوانەکەیە؛ چونکە بۆ ئایدۆلۆجیای بەعس و ڕەگەزپەرستیی دەوڵەتی عێراق، بوون و مانەوەی فیزیکیی تاکی کورد خۆی لە خۆیدا مەترسی و هەڕەشەیەکی بوونناسانە بوو. لەناو

چاوگ و ئایدۆلۆجیای بەعس دا، کوردبوون لە خودی خۆیدا "بێگانە" و "ئەویتر" و "دوژمنێکی گریمانەیی" بوو لە جەستەی دەوڵەتدا، نەوەکوو تەنیا کێشەیەکی کارگێریی ناوچەیی یان بەربەستێک لەسەر ڕێگەی گۆڕینی نەخشەی دیموگرافیا.

لە باشترین حاڵەتدا، دەکرێت تەعریب بکەوێتە چوارچێوەی 'پاکتاوی ئێتنی'یەوە کە ئامانجەکەی چۆڵکردنی یان بەعەرەبکردنی زۆرەملێی خاکە، بەڵام ئەنفال و کیمیاباران 'جینۆساید'ن، کە ئامانجەکەیان لەناوبردنی بایۆلۆجیی مرۆڤەکانە. تێکەڵکردنی ئەم دوو چەمکە، شێواندنی بونیادیی پێناسەی یاسایی تاوانەکەیە.

**لە بەعەرەبکردنەوە بۆ دارمانی چەمکی بە «عەرەبستانکردن»**

تەنانەت کاتێک شێرکۆ کرمانج پاشەکشەیەک لە پێناسەی تەعریب دەکات و هەوڵ دەدات چەمکەکە فراوانتر بکاتەوە، بەوەی بڵێت مەبەستی لە تەعریب تەنیا «بەعەرەبکردنی تاکی کورد» نەبووە، بەڵکوو «بەعەرەبستانکردنی جوگرافیای کوردستان» بووە، دیسانەوە کێشە میتۆدییەکە چارەسەر نابێت و تووشی ئاڵۆزیی نوێ دەبینەوە.

با پرسیارێک لە واقیعی مەیدانیی تاوانەکە بخەینە ناو ئەم تیورەیەوە: کاتێک دەوڵەتی عێراق زیاتر لە چوار هەزار و پێنج سەد (٤٥٠٠) گوندی کوردستانی بەتەواوی لەسەر زەوی سڕییەوە، کانییەکان و بیرەکانی ئاوی ژەهراوی کرد، بەپانیی سەدان کێلۆمەتر خاکی کردە «ناوچەی قەدەغەکراو/مناطق المحرمة»؛ کە تێیدا جوڵەی هەر زیندەوەرێک سزاکەی مەرگی دەستبەجێ بوو، ئەو خاکەی نەکردە «عەرەبستان». بەعس لەو ناوچانەدا هیچ خێزانێکی عەرەبی نیشتەجێ نەکرد، هیچ گوندێکی نوێی عەرەبی لەسەر وێرانەکانی گوندە خاپوورکراوەکان بونیاد نەنا، ئینجا بە هەر هۆیەک بووبێت، کە شێرکۆ دەیگێڕێتەوە بۆ نەبوونی دەسەڵاتی ڕژێم بۆ پاراستنیان و.. بەڵکوو خاکی کوردستانی کردە شوێنی مەرگ و جوگرافیای چۆڵەوانی و زۆنی مردووی ڕەها. خاکێک کاتێک بوونی مرۆڤی کورد بەتەواوی لە ژیان و گیاندارانی ماڵی و جۆرەکانی کاتبەسەربردن و چالاکییە ڕۆژانەییەکان: (جۆماڵ و ئاژەڵبڕینەوە و گەلاکردن و هەڵز و کەما دروێنەکردن و کشتوکاڵ و بەفرماڵین و دارکردنەوە، هتد) ئاوەدانی بەتاڵ دەکرێتەوە و بۆ چەندین ساڵ ڕێگە نەدرێت هیچ مرۆڤێک پێیدا تێپەڕێت، نەوەکوو تەعریب نەکراوە و نەکراوەتە عەرەبستان، بەڵکوو مافی ژیانی لێ داماڵدراوە و کراوەتە زەویی کۆمەڵکوژکراو و وێرانەخاک و مەرگەژیی بەسەردا سەپێنراوە.

**بێدەسەڵاتیی تەعریب لە بەردەم لۆجیکی زیندەبەچاڵکردندا**

شێرکۆ کرمانج نووسیویێتی: «لادێنیشینی کورد نەوەکوو ئامادەیی ئەوەی تێدا نەبووە جلی کوردی فڕێ بدات و جلی عەرەبی بپۆشێت و بە عەرەبی قسە بکات، بەڵکوو تەنانەت ئامادەش نەبووە لە گوندەکەی خۆی بێتە دەرێ... لە بەرامبەردا، دەوڵەت نەوەکوو هەر نەیانتوانی بەعەرەب/ئاسیمیلیەیان بکەن، بەڵکوو بەپێچەوانەوە، ئەم لادێنشینە کوردانە بووبوونە هەرەشەی ڕاستەقینە بۆ سەر دەوڵەت، بەهۆی جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی تەعریبەوە»، یان: «ئامانج دزین و زەوتکردنی خاک بووە، بەڵام میکانیزم و تەرحیل و تەهجیر و ئەنفال و جینۆساید بووە». یاخود بە گواستنەوەی گوتەیەکی سەدام: «...بەڵام

ئامانجی من کوشتنی خەڵک نەبوو، بەڵکوو مەبەستم بووە ئەو ناوچانەی کە بەر هەڵمەتەکان کەوتوون... عەرەبی لێ نیشتەجێ بکەم.».

دەمەوێت بیری شێرکۆ بخەمەوە، تۆ خۆت دان بەوەدا دەنێیت، کە کۆرپە و ژنان و لادێنیشینانی کورد هیچ دەرفەتێکی ئاسیمیلەبوون و بوون بە عەرەبیان پێ نەدرا و ڕەوانەی بیابانەکان کران بۆ زیندەبەچاڵکردن. کاتێک دەوڵەت دەستبەرداری ئاسیمیلەکردن و بەعەرەبکردنی کولتووری دەبێت و ڕاستەوخۆ پەنا دەباتە بەر "پاکتاوی فیزیکی و بایۆلۆجیی کتوپڕ"، لێرەدا پرۆژەی "تەعریب" (کە پرۆژەیەکی دیموگرافی و کولتوورییە) کۆتایی پێدێت و تاوانی "جینۆساید" (کە سڕینەوەی جەستەیی ناسنامەکەیە) دەست پێدەکات. بەڵگەی زیندەبەچاڵکردنی هەزاران کۆرپە و ژن لە نوگرە سەلمان و عەرعەر، گەورەترین مەچەکشکاندنی تێزی "ئامرازبوونی ئەنفال بۆ تەعریب"؛ چونکە مردووەکان نەک ناکرێنە عەرەب، بەڵکوو جێبەجێکردنی کۆمەڵکوژییەکە بڕیارێکی سەربەخۆی ئایدۆلۆجی بوو بۆ نەهێشتنی جەستەیی ئەو کۆمەڵەیە، کێشەی شێرکۆ لەوەدایە "ئامانجی دووەم" (دەستبەسەرداگرتنی خاک) تێکەڵ بە "مەبەستی تاوانکاریی سەرەکی"، سڕینەوەی جەستەیی، دەکات.

جیاوازیی بونیادیی نێوان «پاکتاوی ئیتنیکی»، کە ئامانجەکەی بەکارهێنانی زۆرەملێیە بۆ جێگۆڕکێی دانیشتووان و دەستبەسەرداگرتنی خاک، لەگەڵ «جینۆساید»؛ کە ئامانجەکەی لەناوبردنی جەستەیی و مەعنەوی کۆمەڵەکەیە، ڕێک لەم خاڵەدا بەدی دەکرێت.

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان بۆ یۆگۆسلاڤیای پێشوو (ICTY) لە بڕیارە بەناوبانگ و مێژووییەکانیدا (بە تایبەت لە کەیسی دادگاییکردنی Krstić و تۆمەتبارانی سەربرێنیتسا) جەختی لەسەر ڕێسایەکی زۆر ڕوون کردەوە:

«ڕاگواستنی زۆرەملێ و پاکتاوی نەژادی و گۆڕینی دیموگرافیا، هەرچەندە تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتین، بەڵام بە تەنیا ناتوانن لە ڕووی یاسایییەوە ببنە جینۆساید یان جێگەی بگرنەوە، مەگەر ئەو کاتەی سەلمێنرا، کە ئەم کردەوانە ئامرازی جێبەجێکردنی ئیرادەیەکی پێشوەختە بوون بۆ لەناوبردنی فیزیکیی کۆمەڵەکە».

ئەم دەقە جیاوازییەکی زۆر ورد لە نێوان چەمکە یاساییە نێودەوڵەتییەکاندا دیاری دەکات، کە تێیدا ڕاگواستنی زۆرەملێ و پاکتاوی نەژادی و گۆڕینی دیموگرافیا لە خانەی «تاوانی جەنگ» یان «تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی»دا دەهێڵێتەوە. هۆکاری ئەم جیاکارییەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەم کردارانە لە خۆیاندا بریتیین لە بەکارهێنانی زۆرەملێ بۆ نەهێشتنی بوونی گرووپێک لە شوێنێکی دیاریکراودا، نەوەکوو لێدانی ڕاستەوخۆ لە بوونی جەستەیی و وجودیی ئەندامانی ئەو گرووپە. لەبەر ئەوە، لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە ناتوانرێت هەر پرۆسەیەکی دەربەدەربوون یان ڕاگواستن بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی وەکوو جینۆساید وێنا بکرێت، چونکە جینۆساید پێویستی بە جۆرە مەبەستێکی یاسایی زۆر تایبەت هەیە.

کلیلەکە لە جێبەجێبوونی چەمکی جینۆسایددا بریتییە لە سەلماندنی «ئیرادەی پێشوەختە» بۆ لەناوبردنی فیزیکیی گرووپەکە. ئەمەش واتای ئەوەیە کاتێک ڕاگواستن یان گۆڕینی دیموگرافیا دەبێتە جینۆساید، کە دادگا و توێژەران بیسەلمێنن ئەم کردارانە تەنیا ئامانجێکی سەربەخۆ نەبوون بۆ دەستبەسەرداگرتنی زەوی یان دروستکردنی ناوچەیەک، بەڵکوو ئامراز و قۆناغێکی ئامادەکاری بوون بۆ گەیاندنی ئەو کۆمەڵەیە تاوەکوو سڕینەوەی جەستەیی (چ لە ڕێگەی کوشتنی ڕاستەوخۆوە، یان خستنەناو مەرجی بژێوی دژوارەوە، کە بیانگەیەنێتە ئاستی لەناوچوون). بەکورتی، دەقەکە جەخت لەوە دەکاتەوە، کە

جینۆساید تەنها بڕیاردان نییە لەسەر چارەنووسی شوێن و گوندەکان، بەڵکوو پیلانێکی مەبەستدارە بۆ لەناوبردنی خودی مرۆڤەکان.

بۆیە کاتێک لە تێزەکانی شێرکۆدا، تاوانە فیزیکییە ڕاستەوخۆکانی وەکوو ئەنفال و کیمیاباران و بێسەروشوێنکردن دەکرێنە ئامرازێکی پلە دوو بۆ تەعریب، نەوەکوو تەنیا هەڵەیەکی میتۆدی ڕوو دەدات، بەڵکوو دەسەڵاتی دادوەری و یاساییی بەڵگەنامە کوردییەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لەکەدار دەکرێن و پێگەی قوربانیانی ئێمە لە تاوانی جینۆسایدەوە دادەبەزێندرێت بۆ زەرەرمەندانی پرۆژەیەکی نیشتەجێکردنی کارگێڕیی.

**کاتێک زمانی جەللاد دەکەمە چەمکی زانستی**

کەلێنێکی تری میتۆدی و فکریی ڕوون لە تێزەکەی شێرکۆدا، پشتبەستنی ڕەها و بێڕەخنەییەتی بە زاراوە، بڕیارنامە و بەڵگەنامە فەرمییەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس و دەزگا ئەمنی و هەواڵگرییەکانی عێراقە. (ئەمەشم لە وەڵاممدا بۆ ڕێبین فەتاح پتر ڕوونکردۆتەوە)، کاتێک دەوڵەت لە بەڵگەنامە ناوخۆیی و نهێنییەکانیدا بەردەوام زاراوەی «التعريب» یان «دەستبەسەرداگرتنی زەوی» بەکار دەهێنێت، ناوبراو ئەم بڕیار و داڕشتنانە دەکاتە بەڵگەی یەکلاکەرەوەی زانستی تا تێمان بگەیەنێت، کە ئامانجی سەرەکی و کۆتایی لە کۆمەڵکوژییەکە هەر تەعریب بووە.

وەکوو خۆی لە وتارە وەڵامەکەیدا بە ڕاستەوخۆ ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت: «لەم بەڵگەنامە فەرمییانەی دەوڵەتی عێراق و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دا، بە ڕوونی دەردەکەوێت، کە ئامانجی سەرەکی... تەعریب بووە». ئەم جۆرە پشتبەستنە نیشانی دەدات، کە ناوبراو زاراوەسازیی تاوانبار (دەوڵەتی بەعس)ی ڕاستەوخۆ کردووەتە حەقیقەتی زانستی، لەبری ئەوەی وەکوو ئامرازێکی داپۆشەری تاوانەکە سەیری بکات. بەعس وەکوو تاوانبار هەرگیز بە ڕوونی و ڕاشکاوی لەسەر تاوانەکانی خۆی نادوێت، کە ببنە بەڵگەی ئەنجامدانیان لەسەری.

لە کۆمەڵناسیی سیاسی، مێژووی تاوانە نێودەوڵەتییەکان و نیشانەناسی گوتاری توتالیتاردا، جەللادەکان و ڕژێمە کۆمەڵکوژکارەکان هەمیشە ناوی کارگێڕیی، تەکنیکی نەرم دەکەن بە بەری تاوانە بەربەرییەکانیاندا، تاوەکوو بەرپرسیارێتیی یاسایی لەسەر خۆیان لابدەن، ڕوخساری تاوانەکە بشارنەوە و بەردەوامیدان بە پرۆسەکە ئاسان بکەن.

لە ئەڵمانیای نازیدا، تاوانی پاکتاوکردن و کۆمەڵکوژیی بەکۆمەڵی جوولەکان لە بەڵگەنامە فەرمییەکانی SS و ڕژێمی هیتلەر، هەرگیز بە زاراوەی «جینۆساید» یان «کوشتنی بەکۆمەڵ» ناوزەد نەکراون، بەڵکوو بە زاراوەی «چارەسەری کۆتایی» (Die Endlösung)، «بەڕێوەبردنی تایبەت» (Sonderbehandlung)، یان «پاککردنەوەی ناوچەکە» دەستنیشان دەکرا. لە بەعسی عێراقیشدا، ڕژێم تاوانە بەربەرییەکانی خۆی بەرامبەر نەتەوەی کورد لە ژێر پەردەی زاراوەی سیاسی و تەکنیکیی وەکوو «التعريب»، «ڕاستکردنەوەی نەتەوەیی» (تصحيح القومية)، یان «نیشتەجێکردنەوە لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا» حەشار دەدا.

ئەرکی توێژەر و بیرمەندی ڕەخنەیی ئەوە نییە چەمکێک کە دەوڵەت وەکوو «دەمامک» و ئامرازی شاردنەوەی تاوان بەکاری هێناوە، بێدەنگ بگوێزێتەوە بۆ ناو دنیای ئەکادیمیی خۆی و بیکاتە بنەمای

تیۆرە زانستییەکەی. بەم کارە، توێژەر دەکەوێتە داوی «نیشانەناسیی جەللاد» و گوتاری تاوانبار دەکاتە چوارچێوەی شیکارکردنی تاوانەکە.

**کەمکردنەوەی ئابوورییانە و کورتبینین**

هەروەها پەنابردن بۆ تیزی «جوگرافیای ئابووری» و بەستنەوەی تاوانەکان بە نەوت، زەوی و سەروەتی ئابوورییەوە، بەپێی ئەو ئامارەی شێرکۆ پشتی پێ دەبەستێت کە گوایە ٨٨٪ی ئەنفالکراوان خەڵکی قەڵەمڕەووی کەرکووک بوون تاوەکوو نەوتەکە تەعریب بکرێت؛ تووشی کەمکردنەوەی ئابوورییانەی شێلگیر و مەترسیدارمان دەکات.

ئەگەر ئامانجی سەرەکی لە کۆمەڵکوژی و تاوانەکان تەنیا نەوت و دەستبەسەرداگرتنی سەروەتی ئابووری بوو، ڕژێمی بەعس بۆچی هەزاران گوندی بێنەوت و هەژار و مەڕدار و دوورەدەستی لە قووڵایی چیا سەختەکانی بادینان و گەرمیان و وەسانان و بالیسان بەتەواوی خاپوورکرد، کانییەکان و سەرچاوەکانی ئاوی ژەهراوی کردن و خانووەکانی تەخت کردن و خەڵکەکەی ئەنفال کرد؟. ئەو کردەوانە لە ناوچە شاخاوییە بێنەوتەکاندا نەوەکوو هیچ دەستکەوتێکی ئابوورییان بۆ دەوڵەت نەبوو، بەڵکوو زیانی دارایی و لۆجیستی و سەربازیی گەورەشیان بۆ ڕژێم هەبوو. ڕەگەزپەرستیی ئایدۆلۆجی و ڕەگەزپەرستی نەتەوەیی و ویستی ڕەهای سڕینەوەی ناسنامە و بەدوژمنکردن و خستنەدەرەوەی ئایدیۆلۆجیای ئیسلامیی کورد، بزوێنەری سەرەکیی تاوانەکە بوون، نەوەکوو حیساباتی کێڵگە نەوتییەکان. ئەمەش شتێک بوو پێشتر میشێل عەفلەق لە کتێبی "فی سبیل البعث" (لەپێناوی ژیانەوە)، کە من لە کتێبی "قەفەسی ئاسنین" (٢٠٢٣) شیکردنەوەم بۆ کردووە؛ پلانەکەی بۆ دارشتبوو. خۆزگە شێرکۆ ئەو نامیلکەیەی دەخوێندەوە بۆ ئەوەی ورد لە پێشینەی مێژوویی زاراوەی تەعریبیش ئاگادارتر بێت.

**پارچەکردنی جوغرافییی تاوانی گشتگیر**

تەنانەت دابەشکردنی تاوانەکە بەپێی جوغرافیا (وەکوو جیاکردنەوەی حەوزی کەرکووک لە ناوچەکانی تری کوردستان)، جۆرێکە لە پارچەکردنی تاوانی گشتگیری جینۆساید. جینۆساید تاوانێکی بنەڕەتی و بونیادییە بەرامبەر ناسنامەی گشتیی نەتەوەیەک؛ ڕێژەی قوربانییان لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی تر بەپێی ئاسانیی جوغرافیا، دەستگەیشتنی سوپا و تەکتیکی سەربازی بووە، نەوەکوو لەبەر ئەوەی جەوهەری تاوانەکە و ئایدۆلۆجیای جەللاد لە ناوچەیەکدا بەرامبەر ناوچەیەکی تر جیاواز بووبێت.

**پشتبەستن بە گێڕانەوەی زارەکی**

لە بەشی سێیەمی تێزەکەیدا، شێرکۆ بۆ سەلماندنی ئەوەی جینۆساید تەنیا «ئامراز» بووە بۆ پرۆژەی تەعریب، پەنا دەباتە بەر گێڕانەوەیەکی دەمەکی لە زاری «وەفیق سامەڕائی» (بەرپەرسی پێشووتری هەواڵگریی سەربازیی بەعس) سەبارەت بە قسەیەکی سەدام حوسێن، کە گوایە گوتبێتی: «ئامانجم کوشتنی خەڵک نەبووە بە چەکی کیمیایی، بەڵکوو مەبەستم جێگیرکردنی سەروەری و نیشتەجێکردنی عەرەب بووە».

لە ڕووی میتۆدی مێژووییەوە، پشتبەستن بە «گێڕانەوەی زارەکی»ی سەرکردەیەکی سەربازی و ئەمنیی ڕژێمی تاوانکار، کە لە کۆڕێکی سیاسی یان بیرەوەریی پاش ڕووداوەکەدا دانی پیاناوە، ناکرێت ببێتە بەڵگەی بڕواپێکراوی زانستی و میتۆدی بۆ تیۆریزەکردنی تاوانێکی نێودەوڵەتی. ئەم گێڕانەوە زارەکییە لەگەڵ واقیعی مەیدانیی تاوانەکەدا بە هیچ جۆرێک یەک ناگرێتەوە؛ چونکە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە هەڵەبجە و گوپتەپە و عەسکەر و شێخ وەسانان و بالیسان، خاک و ژینگەی ناوچەکەی بۆ دەیان ساڵ ژەهراوی کرد و هیچ کەرەستە، زەمینە یان ژینگەیەکی بۆ نیشتەجێکردنی عەرەب یان هیچ مرۆڤێکی تر تێدا نەهێشتەوە. ڕەفتاری فیزیکی، بڕیاری کردارەکی و ئەنجامی مەیدانیی دەوڵەت ڕاستیی تاوانەکان دەسەلمێنێت، نەک قسە و پاساو و لێدوانە پاشترەکانی تاوانبارانی جەنگ. تاوانبارانی جەنگ پاش ڕووخانی ڕژێمەکان هەمیشە هەوڵ دەدەن هاندەری تاوانەکانیان لە کۆمەڵکوژییەوە بگۆڕن بۆ 'دەستەبەربوونی ئاسایشی نەتەوەیی' یان 'سەروەریی کارگێڕیی' تا بارسووکتر دەربکەون.

### ڕەهەندە نەرمەکانی گۆڕینی دیموگرافی

کاتێک شیکاری بۆ مێژووی بەعەرەبکردن و جینۆساید دەکەین، نابێت پرۆسەی گۆڕینی دیموگرافی وەکوو ڕووداوێکی مێژوویی بەستوو لە ڕابردوودا جێبهێڵین؛ بەڵکوو پێویستییەکی هزرییە تێبگەین چۆن ڕەهەندەکانی ئەم پرۆسەیە لە ئێستادا و لە ژێر سایەی چوارچێوە یاسایی و کارگێڕی و ئابوورییە نوێیەکاندا شێوە دەگرنەوە. لە کاتێکدا ڕژێمی پێشوو بۆ گۆڕینی نەخشەی کۆمەڵایەتی و جوگرافیی کوردستان پشت بە هێزی ڕەها، وێرانکاریی فیزیکی و ئامرازی کۆمەڵکوژی دەبەست، ئەمڕۆ پرۆسەی هاوشێوەی گۆڕینی دیموگرافی بە شێوازێکی زۆر نەرمتر و بێدەنگتر و لە ڕێگەی ئامرازی یاسایی و ئابووری و شارستانییەوە؛ بەردەوامیی هەیە.

ئەم وەرچەرخانە نەرمە لە پرۆسەکەدا، لێکەوتەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی زنجیرەیەک گۆڕانکاریی سیاسی و یاسایین لە عێراقی پاش ٢٠٠٣. هاتنی بەرچاوی هاووڵاتیانی پارێزگاکانی تر بۆ هەرێمی کوردستان و نیشتەجێبوونی هەمیشەیی، یان درێژخایەنیان، کە زۆرجار لە ژێر چەتری یاساکانی وەبەرهێنان و کڕینی موڵک و ماڵ، یان وەکوو دەرئەنجامی نائارامیی ئەمنی لە ناوچەکانی تری عێراق ڕوو دەدات؛ دۆخێکی نوێ لە ئاڵوگۆڕی دیموگرافیی هێناوەتە ئاراوە. ئەم پرۆسەیە ئەگەرچی لە ڕووی شێواز و ئامرازەوە بەتەواوی جیاوازە لە تەعریبی زۆرەملێ و زۆنە قەدەغەکراوەکانی سەردەمی بەعس، بەڵام لە ڕووی ئەنجامی کۆتاییەوە، دەکرێت وەکوو تەواوکارییەکە بۆ دروستکردنەوەی هاوسەنگییە دیموگرافی و کولتوورییەکان بە زیانی ناسنامەی ناوچەکە سەیر بکرێت.

مەترسیی سەرەکی لەم دیاردە نوێیەدا لەوەدا کورت نابێتەوە، کە تاك یان خێزانە عەرەبەکان بە شێوەیەکی یاسایی مافی کۆچ و کارکردنیان هەبێت؛ بەڵکوو لەوەدایە کاتێک ئەم ئاڵوگۆڕە دیموگرافییە بێدەنگە بەبێ بەرنامەیەکی تۆکمەی پاراستنی ناسنامە و بێ بوونی دیدگایەکی ستراتیجیی نەتەوەیی بەڕێوە دەچێت، پاشخانە مێژووییەکانی ناوچە دابڕێنراوەکان و ناوەندە شارستانییەکانی کوردستان دەخاتە بەر مەترسیی توانەوەیەکی نەرم وەکوو ئەوەی مامۆستا عەدالەت عومەر، جینۆسایدناسی کوردستان لە چاوپێکەوتنێکیدا باسی دەکات.

ئەم جۆرە لە نیشتەجێبوون و تێکەڵبوونی دیموگرافی، چونکە چوارچێوەیەکی یاسایی و مەدەنیی هەیە؛ کەمتر ڕەخنەی نێودەوڵەتیی لەسەر دروست دەبێت، بەڵام ئەنجامە ڕاستەقینەکەی تێکدانی هێواشی بنەما دیموگرافی و زمانەوانییەکانی کۆمەڵگەی کوردستانییە.

لێرەوە، پەیوەستکردنەوەی ڕەخنە تیۆرییەکەی ئێمە لە تێزەکانی تەعریب بە واقیعی ئەمڕۆوە، لەوەدا کورت دەبێتەوە، کە گۆڕینی دیموگرافی پرۆسەیەکی فرەڕەهەندە: گاهێ بە چەکی کیمیایی و ئەنفال وەکوو ئامرازی ڕەهای سڕینەوە بەرجەستە دەبێت و گاهێکی تر لە ژێر ناوی یاسا و بازار و وەبەرهێنان و جوڵەی ئازادانەی دانیشتووانداا بەکاردەکەوێت. بۆیە، ئەرکی ئەکادیمیی سەربەخۆ تەنیا ڕەخنەکردنی لێکدانەوە هەڵەکانی ڕابردوو نییە، بەڵکوو هۆشیارکردنەوەی چەمکسازیی فکرییە بەرامبەر ئەو میکانیزمە نەرم و یاساییانەی کە ئەمڕۆ بە بێدەنگی خەریکی درێژەدانن بە هەمان ئامانجی کۆنی دەوڵەتی ناوەندی لە گۆڕینی ناسنامەی خاک و دانیشتووانی کوردستان دا.

**ئەنجام**

بونیادنانی دادپەروەریی مێژوویی و پاراستنی بیرەوەریی کۆمەڵایەتی بۆ قوربانییانی ئێمە، پێویستی بە زمانێکە کە ئاستی قورسی و ناسنامەی تاوانەکە وەکوو خۆی بەیان بکات: زمانی حەقیقەت و بەڵگەی مەیدانی و شیکاریی بونیادی و یاسای نێودەوڵەتی، نەوەکوو ئەو زمانە نەرم و کارگێڕیی و ئامرازییەی کە جەللادەکان بۆ پەردەپۆشکردنی تاوانەکانیان لە بەڵگەنامە فەرمییەکانیاندا بەکاریان دەهێنا.

جینۆساید لە کوردستان دا، ئامرازی هیچ پرۆژەیەکی تر نەبوو، بەڵکوو ئامانجی ڕەها و دواهەمینی ئایدۆلۆجیای ڕەگەزپەرستیی دەوڵەت بوو بۆ سڕینەوەی جەستەیی و ناسنامەی نەتەوەیەک. ڕاستکردنەوەی ئەم هاوکێشەیە لە هزری ئەکادیمیای کوردی دا، نەوەکوو تەنیا کێشەیەکی تیۆرییە، بەڵکوو ئەرکێکی فکری و یاسایی و نەتەوەیی و ئەخلاقیی پێویستە بەرانبەر مێژوو و حەقیقەت و بیرەوەریی زیندووی قوربانییانمان.

**سەرچاوە**


١. UNITED NATIONS Case No: IT-98-33-A Date: 19 April 2004 International Tribunal for the Prosecution of Persons Responsible for Ser.

٢. Convention on the Prevention and Punishment of the Crime of Genocide.

٣. Appeals Chamber Judgement in the Case the Prosecutor v. Radislav Krstic | International Criminal Tribunal for the former Yugoslavia

٤. UNITED NATIONS Case No: IT-98-33-A Date: 19 April 2004 International Tribunal for the Prosecution of Persons Responsible for Ser.

٥. https://www.facebook.com/share/r/1Ly76QzGTt/?mibextid=wwXIfr.

٦. Stræde, Therkel: Endlösung i Lex på lex.dk. Hentet 1. august 2026 fra Endlösung - Eufemisme for folkemordet på Europas jøder - Lex.


https://www.facebook.com/sherko.kirmanj